### چاوان بەهادین یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان:

# تاکە ئارەزووم ئەوەیە بەشداری ئۆڵۆمپیاتی جیهانی بکەم

دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو خۆت لە نێو دنیای وەرزش دۆزییەوە؟**

-سەرەتای دەستپێکی ژیانی وەرزشیم دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٢٠٠٨ کە توانیم بە تەواوەتی ئاشنایەتی لەگەڵ وەرزش پەیدا بکەم، بۆ چوونە ناو وەرزشیش خانەوادەکەم هاوکارێکی باشم بوون.

*** بۆچی یاری گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

-هەر لە منداڵییەوە خولیام بۆ ڕاکردن هەبووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خولیام بۆ ئەم یارییە زیاتر دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٨ توانیم بەشداری کێبڕکێیەکان بکەم و توانیم بە سەرکەوتوویی قۆناغەکانی ببڕم.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- دەستپێکی هەموو کارێك قورس دەبێت، بەڵام کە خۆت هەوڵتدا و ماندووبوونت کێشا، دەتوانیت کاریگەری تازە و ئامانج بەدەست بێنێت، کە منیش خۆم لە دنیای گۆڕەپان ومەیدان دۆزییەوە، توانیم ببمە یاریزانێکی سەرکەوتوو لەم یارییەدا.

*** ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-لەم بارودۆخەی ئێستا بەهۆی نەبوونی پاڵەوانێتی هیچ ئاستێکی باشی نییە، نەکردنەوەی پاڵەوانێتیش کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانانی گۆڕەپان و مەیدان، واتە ئەنجامنەدانی خول و پاڵەوانێتی وایکردوە کە مەشقەکانیشمان بوەستێت، بە بۆچوونی منیش وەکو یاریزانێك پێم باشە ساڵانە سێ تا چوار پاڵەوانێتی ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ئاستی پێشکەوتوویی یاریزانان و یانەکان ببیندرێت.

*** بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان پێویستە چی بکرێت؟**

-گرنگیدانی زیاتر بە یاریزانانی کچ لە شارەکانی کوردستان و کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان و بەردەوام کردنەوەی پاڵەوانێتی و هاندانی



**تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزن لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، لە زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش ئەنجامی باشیان هەبووە. یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم یانەیەش کچە یاریزان چاوان بەهادین-ـە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانییە و قوتابی لە قۆناغی پێنجەمی پەیمانگای وەرزشیی سلێمانییە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لە ڕاکردنی ١٠٠م و٢٠٠م یەك باز، ئێمەش لە نزیکەوە دیمانەیەکمان لەگەڵی ئەنجامدا، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گولان-ی دایەوە.**

کچانیش بۆ هاتنە نێو ئەم یارییە هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی یارییەکە لە کوردستان.

*** چۆن بوو پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژارد؟**

-من لە شاری سلێمانی لە دایکبووم و هەر لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ئێستا یاریزانی پێشمەرگەی سلێمانیم لەم یانەیەدا جێگای خۆم کردۆتەوە، ئەوەی ئەم چاوانەی ناساند بە چەندین پاڵەوانێتی لە وڵاتانی عەرەبی هەریەکە لە پاڵەوانێتی لە وڵاتانی ئەردەن و سوریا و میسر و قەتەر و ئیمارات و لوبنان بەشداربووم بە هەوڵ و ماندووبوونی ڕاهێنەرە ئازیزەکانم بۆیەش هەر ئەم یانەیەم هەڵبژاردووە.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چین؟**

-ئەنجامی باشم زۆرە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و وڵاتانی عەرەبی لە ڕاکردنی ١٠٠م و ٢٠٠م و یەك باز و سێ باز خاوەنی چەندین ژمارەی پێوانەییم لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لە ئێستاشدا زیاتر گرنگی بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە یاری یەك باز دەدەم و هەوڵدەدەم زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم.

***جگە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هیچ یارییەکی ترت ئەنجام نەداوە؟**

-نەخێر، چونکە تاکە یارییەکە من توانیوومە ئەنجامی باشی لێ بەدەست بهێنم .

*** هیوا و ئاواتت لە وەرزشکردن چییە؟**

-تاکە هیواو ئاواتم ئەوەیە ببمە یاریزانێکی زۆر سەرکەوتوو نەك هەر لە پاڵەوانێتی کوردستان و عێراق و عەرەبی، بەڵکو تاکە حەز و و ئارەزووم ئەوەیە بەشداری ئۆڵۆمپیاتی جیهان بکەم و ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنم.

*** ئایا خوێندن ڕێگری لە وەرزشکردنت ناکات؟**

-نەخێر، بە هیچ شێوەیەك ڕێگری لێ نەکردووم، چونکە خۆم قوتابی پەیمانگای وەرزشی سلێمانیم هەموو ساڵێکیش پلەی باشم بەدەستهێناوە لە خوێندن.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

-زۆر یانە هەبووە کە پێیان وتووم، بەس تەنیا من یانەی پێشمەرگەی سلێمانیم هەڵبژاردەوە و بۆ هیچ یانەیەکی تر یاری ناکەم.

*** خانەوادەکەت تاچەند هاوکارتن؟**

-خانەوادەکەم بە ئاستێکی زۆر هاوکاریم دەکەن و زۆر سوپاسیان دەکەم، لە خانەوادەکەشم جگە لەمن برا و خوشەکانیشم یاریزانی یارییە جۆراوجۆرەکانن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-سوپاس بۆ گۆڤاری گولان-ی خۆشەویست کە هەمیشە پێشەنگ بووە لە خزمەتکردنی وەرزشکاران لە شارەکانی کوردستان، سوپاس بۆ یانەکەم و ڕاهێنەرەکەم و خانەوادەکەم بۆ هاوکاری کردنمان.



# ئالابا: گواردیۆلا بەشێکە لە جوانیەکانی یاری تۆپی پێ

یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی بایەرن میونشنی ئەڵمانی داڤید ئالابا پێی وایە پیپ گواردیۆلا بە هۆی گرنگیدانی بە شێوازی تیکی تاکا توانیویەتی خزمەتێکی گەورە بە رەوتی بەرەو پێش چوونی یاری تۆپی پێ بکات. گواردیۆلا لە ساڵی ٢٠١٣ و لە دوای بردنەوەی چەند نازناوێکی جۆراو جۆر لە ریزەکانی یانەی بەرشلۆنە کە جیا بووە و پێوەندی بە یانە باڤاریەکەوە کرد ئەو راهێنەرە لێهاتوویە تا ئێستا دوو جار براوەی نازناوی خولی بۆندیس لیگا بووە و ئێستاش چاوی لە سەر دەستەبەر کردنی نازناوی سێیەمە.ئالابا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بارەی گواردیۆلاوە ئەوەی خستەڕوو و گوتی: پیپ لە ماوەی شەو رۆژ دا بیر لەوە دەکاتەوە کە بە چ شێوەیەك خزمەت بە یاری تۆپی پێ بکات،من لە ژێر چاودێری ئەو دا کۆمەڵێك وانەی نوێ فێر بووم گواردیۆلا جیا لەوەی راهێنەرێکی لێهاتوویە هەمیشە لەگەڵ یاریزانەکانیشی دا وەکو هاوڕێیەکی نزیکی خۆی هەڵسوکەوت دەکات،ئەو لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو دا بەردەوام پەرەی بە ئاستی هونەری یانەکەمان داوە و لە راستی دا دەکرێ بڵێین ئەو بەشێکە لە جوانیەکانی یاری تۆپی پێ و من حەزم دەکرد ئەو لە ریزەکانی یانەکەماندا بەردەوام بووایە.

شایانی باسە گواردیۆلا لە کۆتایی ئەم وەرزەدا واز لە ئەرکی راهێنانی یانەی بایەرن میونشن دەهێنێت و پەیوەندی بەیانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی دەکات.

# ئیمیریک لاپۆرتی بەرشلۆنە رەتدەکاتەوە



بەرگریکاری یانەی ئەتلەتیك بیلباو ئیمریك لاپۆرتی فەرەنسی دانی بەوەدانا ئەگەر بێتو هەر بۆندێکی لەیانەی بەرشلۆنەوە پێ بگات ئەوا رەتی دەکاتەوە. لەمیانی دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی Telefoot ناوبراو رایگەیاندوە هەرچەندە یانەی بەرشلۆنە باشترین یانەیە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام ئەگەر یانە کەتەلۆنیەکە بۆندم پێشکەش بکات ئەوا بەبێ گومانەوە رەتی دەکەمەوە و من گرنگی پێ نادەم، چونکە من زۆر دڵخۆشم لەگەڵ یانەی ئەتلەتیك بیلباو. ئیمریك لاپۆرتی نەیشاردەوە بەرشلۆنە بۆندی فەرمی پێشکەش نەکردوە، بەڵام هەر بڕیارێکی لەمجۆرە بدات ئەوا رەتی دەکاتەوەو دەست بەرداری یانەی بیلباو نابێت. پێویستە بوترێت ئەو بەرگریکارە فەرەنسیە یەکێکە لەو ناوانەی لەبازاڕی گواستنەوە نێوی زۆر باس دەکرێت و گرنگترین ئەو یانانەی ئارەزوو دەکەن بۆندی لەگەڵ ئەنجام بدەن یانەکانی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و بەرشلۆنەی ئیسپانین، لەئێستاشدا چاودێران لەچاوەڕوانی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا دیدیە دیشامن تا لەیاریەکانی یۆرۆ ئەو یاریزانە بەشدار پێ بکات و ئاستی لەگەڵ هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان ببینن.


# ڤالدیراما هۆکاری دوورخستنەوەی خامیس ئاشکرا دەکات



ئەفسانەی پێشووی کۆلۆمبیا کارلۆس ڤالدیراما هۆکاری وەلاوەنانی هاونیشتیمانیەکەی خامیس رۆدریگز لەلایەن ڕاهێنەری پێشووی یانەی شاهانە رافائیل بینیتێز ئاشکرا دەکات. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ لەزاری ڤالدیراما ئاشکرای کردوە ئەو پاڵنەرانە چی بووە کە هاونیشتیمانیەکەی خامیس رۆدریگز لەلایەن بینیتیزەوە لەریزی پێکهاتەی یانەی شاهانە دوورخرایەوە ئەمیش بەبیانووی لاوازی توانای جەستەیی. هەروەها ڤالدیراما روونیکردۆتەوە کێشەی بینیتێز لەگەڵ خامیس رۆدریگز توانای جەستەیی نەبووە وەك ئەوەی ئەو ڕاهێنەرە رایگەیاندبوو لەپێشوو، بەڵکو بینیتیز لایەنگری دەکرد لەبەشدارپێکردنی یاریزانان و لەبەرژەوەندی یاریزانی تر بڕیاری دەدا. ئەو ئەستێرەی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا وتیشی خۆشبەختانە چانس یاوەری رۆدریگز بوو لەئێستادا ڕاهێنەریکی نوێ ئەرکی ڕابەرایەتی یانەی قەڵای سپی دەکات و لەگەڵ هاتنیشی هەلی بە رۆدریگزداوەو ئەو یاریزانە لەوەتەی زێدان هاتووە سێ پاسی یەکلاکەرەوەی داوەو گۆڵێکیشی تۆمار کردوە، بۆیە لەوباوەڕەدام رۆدریگز ئامادەییە بۆ یاریکردن. لەکۆتا قسەکانیدا ڤالدیراما دووپاتیکردەوە خامیس لەیاریەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤ تواناو بەهرەکانی خۆی نمایشکرد هەر ئەوەش بوو کە پاڵی بەیانەی ریال مەدریدەوە نا تا بۆند لەگەڵ ئەو یاریزانە بەتوانایە ئەنجام بدەن.

## ڕاهێنەری تۆپی پێی کەرکووک:

# ڕوحیەتی سەرکەوتن لە تیپەکەماندا بوونی هەیە



هەرچەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی کەرکووک بە دەرنگەوە ئامادەکاری بۆ بەشداریکردنی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان کرد، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی وەرزی نوێی خولەکە ئامانجی گەورەی هەبووە وەکو سەرجەم یانە بەشداربووەکانی تری کوردستان. یانەی کەرکووک لە کۆمەڵەی یەکەمی خولەکە لە کۆی ئەنجامدانی یارییەکانی ئەم وەزرە توانیویەتی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە یارییەکە سەرەڕای ئەو بارودۆخە خراپەی دارایی کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە قەیرانەکە بەرۆکی گرتوون، بەڵام تیپەکە نایەوێ کۆڵبدات بە نیازە زیاتر هەنگاو بنێت بۆ لوتکەی یانەکانی کۆمەڵەکەی، لە بارەی ئەنجامی تیپەکەش دارەوان قادر ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشی کەرکووک بە گۆڤاری گوڵان-ی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا بارودۆخی تیپەکەمان زۆر باشە و ڕوحیەتێکی باشمان هەیە بۆ بردنەوە و هەنگاونان بۆ لوتکەی یانەکان، گەرچی بارودۆخێکی خراپی داراییمان هەیە، بەڵام ئەم بارودۆخەش کاریگەری نەکردۆتە سەر ئاستی تیپەکەمان، چونکە یاریزانانی ئێمە دڵسۆزییەکی زۆریان تێدایە و یاری بۆ یاری ئاستیان باشتر دەبێت، بە خۆشحاڵیشەوە تیپەکەمان مووچەی یاریزانانی خۆمانی دابین کردووە، ئەوەش تاڕادەیەك باشە، هەرچەندە هێشتا یارییەکانی خولی کوردستان ماوە، بەڵام ئێمەش بە هیچ شێوەیەك سارد نابینەوە وبەردەوام دەبین لە پێشڕەوی کردن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەم وەرزەدا.

## هەڵۆ ئومێدی سەرکەوتنی هەیە

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی هەڵۆی دەڤەری بارزان ئامادەکاری کردووە بۆ یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بە ئامانجی گەیشتنەوە بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و سەرەڕای هێنانی ڕاهێنەرێکی عەرەب و چەند یاریزانێکیشی هێناوەتە ریزی تیپەکەی بۆ ئەوەی بتوانن یانەکە بگەیەننەوە خولی نایابی کوردستان، لە بارەی بەدەستهێنانەوەی ئەنجامی شایستەش لەم وەزرە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئامادەکارییەکانمان وەکو پێویست بووە، بۆیە لە ئێستاشدا ئومێدی زۆرمان بە یاریزانانی تیپەکەمان هەیە کە دەتوانن ببنە پاڵەوانی گرووپەکەیان و سەرکەوینەوە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، هەر چەندە ئەمساڵ تیپەکان بەشێوەیەکی تر بەشدارن و ئێمەش ئومێدی زۆرمان هەیە کە بتوانین ڕکابەری





## ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان:

# بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەوە یاریزانان دەستنیشان دەکەین

بڕیار وایە ٢٨ی مانگی ٥ی داهاتوو هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتیی تۆپی پێی هەرێمەکان بکات کە بە (کۆنیفا) ناسراوە و لە هەرێمی ئەبخازیا لە وڵاتی رووسیا بەڕێوە دەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ خەسرۆ گوروون-ی ڕاهێنەری دەستنیشانکراوی هەڵبژاردەکە کۆبووەوە بۆ دیاریکردنی کارەکانیان و دەستنیشانکردنی یاریزانانی هەڵبژاردەکە، ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵان یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان ڕاهێنەرێکی دیاری کردووە کە لە هیچ یانەیەك کاری ڕاهێنەرایەتی ناکات، ئامانجیان ئەوەیە کە بتوانن تیپێکی بەهێز دروست بکەن و لە ئێستاوە چاودێری یاریزانانی خولەکانی کوردستان بکەن. لە بارەی پلانەکانی ڕاهێنەریش بۆ ئامادەکارییەکان خەسرۆ گوروون تایبەت بۆ گوڵان گوتی: ئێمە پلانی خۆمان هەیە کە ئەمساڵ سەرەڕای قەیرانی دارایی بەشداری دەکەین و لە ئێستاشدا چاودێری یاریزانانی خولەکانی کوردستان دەکەین، بۆ ئەوەی کە ئەم وەزرە بە کۆتایی هات، ئێمەش وەکو ستافی ڕاهێنەران بتوانین یاریزانە بەتواناکانی یانەکان دیاری بکەین بۆ ریزی هەڵبژاردەی کوردستان، کارەکانی ئێمەش بە قۆناغ دەبێت، لەگەڵ یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستانیش کۆبووینەوە، ئەوان ئێمەیان سەرپشك کردووە لە دیار کردنی یاریزانانی بەتوانا، بۆیە ئێمەش ئەوپەڕی تواناکانی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانین بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە یاریزانان بۆ هەڵبژاردە دیاری بکەین. چونکە ئەوە ئەرکێکی قورسە لەسەر شانی ئێمە و دەبێت زۆر بە دڵسۆزی کارەکانمان ئەنجام بدەین. بۆ دیاریکردنی یاریزانانیش ئێمە ئەوپەڕی دادپەروەری بەکار دەهێنین چونکە ئەوە ئەرکێکی مێژووییە لەسەر شانمان و بە دڵسۆزی ئە نجا می دەدەین.



لەگەڵ تیپەکان بکەین». لە بارەی گرفتەکانیش خەلیل گوتی: «ئێمەش وەکو سەرجەم یانەکانی تری هەرێمی کوردستان گرفتی داراییمان هەیە، بەڵام هەر کۆڵمان نەداوەو ساردبوونەوەمان نەبووە لە خولەکە، ئێستاش خولی کوردستان سەرەتایەتی، بۆیە دەمانەوێ بەم یاریزانانە و بەم بارودۆخە خراپە بتوانین ئەنجامێکی گەورە بۆ دەڤەرەکەمان بەدەست بهێنین و ئەوەش بسەلمێنین کەوا ئاستی وەرزشی بارزان لە دۆخێکی باشدایە هەر چەندە گرفتی داراییش هەیە، ئێمەش متمانەی تەواومان بە دەستەی ستافی مەشقی یانەکە هەیە، بۆیە دەمانەوێ خوێندنەوەی باشترمان بۆ تیپەکەمان هەبێت و بتوانین بەربەستەکان بەسەرکەوتوویی ببڕین، ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵانە و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان یانە بەشداربووەکانی خولی پلە یەکی کوردستانی بۆ سێ گرووپ دابەشکردووە.

